# حکومەتی ئێران دۆخی کۆمیک یان تراژیک؟

**هادی محەمەدی**
Haval831@yahoo.com

***"هەر حکومەتێ لە درێژەی ژیانی سیاسی خۆیدا دوو قۆناغی سەرەکی تێپەڕدەکات: سەردەمی تراژیک (tragic)، سەردەمی کۆمیک (comic)"*** . لە قۆناغی تراژیک دا حکومەت لەوپەڕی هێز و هەژمونی و دەسەلاّت دایە، هەر جۆرە خەبات و تێکۆشانێکی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەئاست دەسەلاّتی رەهای ئەو بێهوودەیە و ئەگەری گۆڕان بەدی ناکرێ. یانی دۆخەکە بۆ بەرەی بەرهەڵستکار دۆخێکی تراژیکە. بەلاّم بەپێی قانونی سروشت و بەپێی لۆژیکی دیالکتیک، هەر هەورازێك نشێوێك و هەر هەڵچوونێك داچونێکی بەدواوەیە. یانی سەرئەنجام پاش قۆناغی تراژیک، قۆناغی کۆمیك دەگات، لەم قۆناغەدا گولۆڵەی بەختی حکومەتی دیکتاتۆر دەکەوێتە لێژی و بەرەو ئاوابوون دەچێ، یانی جەماوەر وشیارتر دەبنەوە و دۆخێکی شیاوتریان دەوێ، هێزەکانی ئۆپۆزیسیون گەشە دەکەن، پەرەدەستێنن، بالانس و هاوسەنگی بە قازانجی ئۆپۆزوسیون و بە زیانی حکومەت گۆڕانی بەسەردا دێت. لێرەدا دەرفەتی گۆڕان هەموار دەبێ: دۆخی کۆمیك. کارل مارکس لە وتاری بەناوبانگی نرخاندنی فەلسەفەی هێگل دا لە خۆی دەپرسێ: ***"بەڕاستی بۆچی وایە؟ بۆ سەرئەنجامی هەموو حکومەتەکان بە قۆناغی کۆمیك تەواو دەبێ"*** ، دواتر بەخێرایی ولاّم دەداتەوە: ***"بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بەخەندە و شادیەوە مالاّوایی لە رابردووی خۆی بکات"*** .

حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەدرێژەی دو دەیە لەوپەڕی هێز و دەسەلاّت و زەبرو زەنگ دا بوو. لە ساڵی ١٣٥٧ تا ١٣٦١ فەزای نیمچە ئازادی سیاسی و کولتوری بەرتەسك کردەوە و بە داخستنی رۆژنامەکان و بە قەدەغەکردنی چالاکی هێزە سیاسیەکان، هەموو دەنگێکی جیاوازی هەر لە گەرووداخنکاند. پاش تێپەڕاندنی شەڕی ٧ ساڵە لەگەڵ عێراق، لە هاوینی ١٣٦٧دا زیندانیانی سیاسی بەکۆمەڵ کوشت. لە سەردەمی سەرکۆماری هاشمی رەفسەنجانی و لە دەیەی دوهەمی دەسەلاّتی

حکومەتدا دۆخەکە هێندە تراژیك بوو کە ئیمکانی هیچ جۆرە گۆڕانێك بەدی نەدەکرا. لەم قۆناغەدا بێجگە لە داخستنی فەزای کولتوری ـ سیاسی نێوخۆیی و بێجگە لە رفاندن و کوشتنی نوسەران و بیرجیاوازانی ئێرانی، شەپۆلی تیرۆری رێبەرانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون لە دەرەوەش دەستیپێکرد: سەدان کەس لە رێبەران و تێکۆشەرانی سیاسی لە وڵاتانی جوراوجۆری دنیا تیرۆرکران. لە درێژەی ئەم رەوتەدا لە دوا ساڵی سەرکۆماری رەفسەنجانی دا، یانی بەهاری ١٣٧٦، دادگای میکونوس پاش پێنج ساڵ لێکۆڵینەوە، رێبەرانی حکومەتی ئێرانی وەك پلاندارێژی تێروری رێبەرانی حیزبی دیموکرات مەحکوم کرد. ئەم بڕیارە لە ئاستی جیهاندا دەنگدانەوەی ئێجگار بەرفراوان بوو، بەجۆرێك کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی باڵوێزەکانیان لە تاران کشاندەوە و بۆ ماوەیەك پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران وەستاند.

لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ٢ ی جۆزەردانی ١٣٧٦ دا، لە کاتێکدا کە هەموو راگەیاندنی حکومەت و تەنانەت رێبەری حکومەت داکۆکیان لە کاندیداتۆری ناطق نوری دەکرد، جەماوەری خەڵکی ئێران لە کردەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا٢٠ ملیۆن دەنگیان بە محەمەد خاتەمی دا و بەمجۆرە زۆربەی چاودێرانی سیاسیان تووشی سەرسوڕمان کرد. ***یانی ئەو جەماوەرە گیان فیدایە کە لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامیدا گوێڕایەڵی حکومەت بوون و کۆمەڵ کۆمەڵ لە بەرەکانی شەڕدا مەیدانەکانی مین یان خۆش دەکرد، ئێستا لە کۆتایی دەیەی دووهەمی دەسەڵاتی حکومەتدا راشکاوانە خوازیاری رێفۆرم و ئاڵوگۆڕی سیاسی کولتوری بوون.***

***لەراستیدا دەتوانین لە٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ بەملاوە، بە قۆناغی کۆمیك لە مێژووی حکومەتی ئێسلامیدا ناودێر بکەین. یانی جەماوەری خەڵکی ئێران کە لە بێبەشی و چارەڕشی خۆیاندا لەئاست زەبر و زەنگی حکومەت وەزاڵە هاتبوون، لە٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا تێگەیشتن کە ئەگەر یەکدەنگ و یەکگرتوو بن دەتوانن دۆخەکە بگۆڕن و دۆخێکی نوێ بخولقێنن.*** دەوڵەتی خاتەمی کە بەشێوەی ئاشکرا بانگەشەی رێفۆرمی دەکرد و خوێندنەوەیەکی جیاوازی لە حکومەتی ئیسلامی هەبوو، تا رادەیەکی زۆر فەزای سیاسی کۆلتوری ئێرانی ئاوەڵا کرد، لەوە بەدوا چاپەمەنی و گۆڤار و رۆژنامەکان لە وشیارکردنەوەی زیاتری خەڵکدا دەوری گرنگیان گێڕا. یانی بەکورتی

فەزایەکی تا رادەیەك ئازاد بۆ رەخنە و دیالۆگ پێکهات، کە یەکێ لە پێشمەرجەکانی دیموکراسییە.

هەر لە درێژەی ئەم رەوتەدا، لە ژێر دروشمی گەشەپێدان بە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، (NGO)کان دروست بوون. یانی رەوتەکە شێوازێکی تازە و جیاوازی دەگرتەبەر: خەبات و تێکۆشانی مەدەنی. وەك دەزانین تا ئەوکاتە چ حکومەت و چ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن تەنیا بە چەك و بەشێوەی توند و تیژ وەڵامی یەکتریان دەدایەوە. بەڵام لە سەردەمی رێفورمیستەکاندا لە ئێران، خەڵك فێری خەباتی مەدەنی بوون. خەباتی مەدەنی لەوساڵانەدا زیاتر لە بزاڤ و چالاکی خوێندکاریدا ئاراستەدەبوو. بەجۆرێك کە لە هاوینی ١٣٧٨دا پاش داخستنی رۆژنامەی "سلام"، ناڕەزایی و خۆپیشاندانی خوێندکاران بۆ ماوەی ٧ رۆژ سەرتاسەری شارەکانی تاران، اصفهان و تبریز"ی گرتەوە و بۆ یەکەمجار بەشێوەی جدی حکومەتی تووشی قەیران کرد. هەر لە درێژەی ئەو خۆپێشاندانەدا یەکێ لە مامۆستایانی زانکۆ هۆکاری مەسەلەکەی ئاوا راڤەکرد: ***"ئەم خوێندکارانە هەر هەمان پرۆلیتاریای مارکسن، کە بێجگە لە زنجیرەکانیان هیچیان نیە بیدۆڕێنن، ئەمانە لە داهاتوی خۆیان دلنیا نین، ناتوانن پاش تەواوکردنی خوێندن کارێکی شیاو پەیدابکەن، خانویەك وەدەست بخەن، ژن بێنن و خێزان دروست بکەن"*** . لە راستیدا دوو دەیە دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی نە هەر خوێندکاران، بەڵکوو تێکڕای خەڵکی ئێرانی خستبووەسەر ساجی عەلی و بەوپەڕی چارەرەشی و هەژاری گەیاندبوون.

ئەو حکومەتانەی کە بە ئایدیۆلۆژی دین حکومەت دەکەن، بە دەگمەن لە پێکهاتەی خۆیاندا رێفۆرم قەبووڵ دەکەن. ئێستا خەڵکی ئێران بەو ئاکامە گەیشتوون کە سەرەڕای گۆڕانی کارکرد (function) و نێوەرۆك، دەبێ گۆڕان لە بناغە و پێکهاتەی (structure) رژێمدا روویدات. لە١٣٧٨بەملاوە بەشێنەیی فەزای سیاسی کولتوری نیمچەکراوە داخرایەوە، رێفۆرمخوازانی شێلگیر بەندکران و لە کار وەلانران (عبدالله نوری وەزیری ناوخۆ زیندانی کرا، مهاجرانی وەزیری فەرهەنگ ناچار بە ئیستعفا کرا، تەنانەت سعید حجاریان تیۆرسیەنی باڵی رێفۆرمیست تیرۆر کرا) و رۆژنامەکان داخران، بزاڤی خوێندکاری و بزاڤی دیکەی کۆمەڵایەتی هەموو کپ کران و تێکۆشەران یان زیندانی کران، یان راونران و پەرتەوازە کران.

هاوینی ساڵی ١٣٨٤ دەوڵەتی محەمەد خاتەمی پاش دوو دەورەی چوارساڵە دەسەڵاتی بەجێهێشت و ئەحمەدی نەژاد بوو بە سەرکۆماری ئێران. ئەحمەدی نەژاد هەر لە یەکەم وتەکانی دا باسی بەهاکانی سەرەتای شۆڕشی ئیسلامی و سەردەمی خومەینی دەکرد و لەگەڵ هەرجۆرە رێفۆرم و کرانەوەیەك بەتوندی دژایەتی دەکرد. ئەو هەروەها لە دژی کولتور و بەهاکانی دیموکراسی رۆژاوایی هەڵوێستی گرت و تەنانەت چەندین جار لە وتەکانیدا بە توندی هێرشی کردەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل و هەڕەشەی لەنێوبردنی دەکرد.

ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ئێران بەندکراون و وەدەرنراون، بەڵام کۆمەڵگەی ئێران جڤاتێکی ئێجگار ئەکتیڤ و زیندووە، لەم دواییانەدا بزاڤی مافخوازی کرێکاران، معلمان، ژنان و گەلانی ئێران زیاتر لە هەر کات رێژیمی تووشی کێشە و قەیران کردووە. هەرکام لە چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان خوازیاری گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی خۆیانن، یانی پۆتانسیەلی بزاڤ و هەستان لە هەرکام لە چین و گرووپ و نەتەوەکانی ئێراندا ئەگەرچی بەشێوەی کاتی کپ کراوە، بەڵام هەردەم ئەگەری تەقینەوەی لێدەکرێ.

سەرەڕای ئەو پرسانە لەڕووی ئابوورییەوە بارودۆخی ئێران زۆر نالەبارە. ئەگەر ساڵی ١٣٥٦ دەرامەتی سەرانە لە ئێران ١٠٠٠٠ دولار بووە، ئێستا لە ساڵی ١٣٨٦دا کەمتر لە٨٠٠ دولارە. یانی ١٠ قات زیاتر کەمی کردووە. ***کارناسانی ئابووری دەڵێن ٢٠٪ی چینی باڵای خەڵکی ئێران کە دەست و پێوەندی دەسەڵاتی مافیایین، ٥٠٪ سروەت و سامانی ئێرانیان لەدەست دایە، کەچی ٢٠٪ چینی خوارەوە تەنیا بە ١٪ سروەتی وەڵات بەرپێوەدەچن.*** سیستمی ئابووری ئێران لە پاش وڵاتی چین گەندەڵترین سیستمە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە سیستمی دادوەری لە ئێران سەربەخۆ نیە، هەروەها لە ئێران خاوەن میدیا و چاپەمەنی ئازاد نیە. پێشبینی ئەوە دەکرێت لە کۆتایی ئەمساڵدا ئابووری ئێران دۆخێکی ئەوەندە ئاڵۆزی هەبێ کە حکومەت تووشی قەیرانی قووڵتر بکات. وەك دەزانین ئابووری ئێران زیاتر لەسەر ناردنەدەرەوەی نەوت راوەستاوە و سەنعەت و پیشەسازی بەرهەمهێنان گەشەی نەکردووە. لە وڵاتی ئێران سەرەڕای رێژەی هەرە بەرزی ئاوسان، هەر ئێستا چەندین ملیون نەفەر بێکارن، چەندین مانگە موچەی زۆرێك لە کرێکاران نەدراوە، نزیکەی ٢٠ملیون لە خەڵکی ئێران لەژێر خەتی هەژاری

دان. ئێستاش پاش پێکهێنانی سیستمی دابەشکردنی بەنزین، دوخەکە زۆر خراپتر دەبێ، یانی نرخی بەنزین بەخێرایی کاردەکاتە سەر هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەلایەتی و، رۆژ لە دوای رۆژ باری ژیان و گوزەرانی خەلك خراپتر دەکات. جگە لەمەش ٤٠ لە سەدەی بەنزینی ئێران هاوردەیە و لە ولاتانی دەرەکی دابین دەکرێت. هەر ئێستا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی ئەگەری گەمارۆی قورستری ئێران و نەفرۆشتنی بەنزین بەو ولاتە دەکرێت، لە وەها هەلومەرجێکا دۆخی ژیان و گوزەرانی خەلك خاپتر دەبێ و زەخت و فشار لەسەر حکومەت ئێجگار زۆرتر دەکات.

حکومەتی ئێران لەرووی پێوەندی نێودەوڵەتیەوە لە خراپترین دۆخی خۆی دایە. وەك دەزانین ئەم حکومەتە هەر لەکاتی بەدەسەلات گەیشتنیەوە باسی ناردنەدەرەوەی مۆدیلی ئیسلامی سیاسی ولایەتی فەقیهی خۆی دەکرد و لە پلان و بەرنامەی دابوو کە گرووپی ئیسلامی توندڕەو لە هەموو ولاتانی دەوروبەردا پەروەردە بکا و بە دەسەلاتیان بگەیەنێ. لە درێژەی وەها بەرنامەیەکدا چەندین گرووپی توندڕەو و تیرۆریستی لە فەلستین، عێراق، لۆبنان، ئەفغانستان و ... لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دروست کراون کە بە پارەی و چەك و تکنۆلۆژی رژێم کاری تێکدەرانە دەکەن و ئاسایشی ناوچەکە دەشێوێنن، بۆ نموونە کاربەدەستانی ئێران هەر ئەمسال ١٠٠ ملیۆن دۆلاریان داوە بە رێکخراوی حەماس. ئامانجی ئەم گرووپانە، دامەزراندنی حکومەتێك لە مۆدیلی جمهوری ئیسلامی ئێرانە. یانی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی مۆدیلی ولایەتی فەقیهی لە عێراق، لە لۆبنان، لە فەلستین و... جگە لەوانەش حکومەتی ئێران بە وەها ئایدیۆلۆژیەکی دۆگمی دینیەوە کە تەنیا دەسەلاتی خۆی بە رەوا و راستەقینە دەزانێ و هەموو دنیا بە حکومەتی ئەهریمەنی و ناڕەوا دەزانێ، پرۆژەی درێژماوەی تکنۆلۆژی ئەتۆمی بەدەستەوەیە و ماوەی ١٨ساڵ وەها پرۆژەیەکی بە نهێنی درێژە پێدراوە، بەڕای زۆربەی کارناسانی سیاسی و تکنیکی ئامانجی ئەم رژێمە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمییە. حکومەتێك کە بە ئاشکرا بانگەشەی لەنێوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل و... دەکات ئاخۆ ئەگەر بۆمبی ئەتۆمی هەبێت ئاسایشی هەموو ناوچەکە و دنیا تووشە مەترسی ناکات؟

بەکورتی لە کێشەی ئەتۆمی دا حکومەتی ئێران لەگەڵ وڵاتانی رۆژاوایی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تووشی کێشە و ململانێی جدی هاتووە. دوا بڕیاری وڵاتانی رۆژاوایی ئەوەیە کە ئەگەر کاربەدەستانی ئێرانی پیتاندنی یورانیۆم رانەگرن و وڵامی پرسیارەکانی ئاژانسی ئەتۆمی نەدەنەوە، گەمارۆی قورستری حکومەتی ئێران پەسەند دەکرێ و ئەوجار سەرەڕای فشاری ناوخۆیی، قەیرانی ئابووری سیاسی زۆر زیاتر تەنگ بە کاربەدەستان هەڵدەچنێ. رێبەرانی ئەمریکا و رۆژاوا بەردەوام پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە هێرشی سەربازی بۆ سەر حکومەتی ئێران خراپترین بژاردەیە، بەڵام ئەوەش دەڵێن کە گەیشتنی ئەم حکومەتە بە بۆمبی ئەتۆمی لەمەش خراپترە. حکومەتی ئێران لە بەرنامەی دایە کە بەهەر شێوەیەك بۆی دەکرێ بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات، ئەمریکا و رۆژئاواش دەڵێن بە هیچ شێوەیەك رێگە نادەن ئێران دەستی بە بۆمبی ئەتۆم بگات.

کێشە و ململانێی نێوان دوو لایەن هەروا بەردەوامە و لە داهاتوودا رەوت و ئاراستەی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت، بەجۆرێك کە تا ئێستا حکومەتی ئێران تووشی تەریك بوونەوە و ئیزۆلاسیۆن هاتووە و زیاتر لە هەرکات لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی دابڕاوە. لەم وەها دۆخێکدا حکومەت زیاتر لە هەرکات لە خەباتی مەدەنی و مانگرتنی جەماوەری خەڵکی ئێران بەگشتی و، خەڵکی کوردستان بەتایبەتی دەترسێ و بەئاشکرا لە مدیاکانی دا دەڵێ: رۆژاوا دەیەوێ لە ئێران شۆڕشی نارنجی (لە چەشنی شۆڕشەکانی ئۆکراین و گورجستان) بخولقێنێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ئیعترافاتی رامین جهانبلگو، کیان تاج بخش و هالە اسفندیاری، لە شانۆیەکی تەلەڤیزیونی دا لە زمانی ئەو کەسانەوە رایگەیاند: ئەمریکا دەیەوێ لە ئێران شۆڕشی نارنجی وەڕێ بخا و بۆ ئەم مەبەستە لە روناکبیران و رۆژنامەنووسان کەڵك وەردەگرێ! لە درێژەی وەها پیلانێکدا، لە کاتێکا کە بنەماکانی حکومەت چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆدا، زیاتر لە هەر کات لەرزۆك بووە، زۆرێك لە رۆژنامەنوسان و خەباتکارانی مەدەنی لە کوردستان دەسگیرکردوون و حوکمی ئێجگار قورس و ناڕەوای بەسەردا سەپاندوون (عەدنان حەسەنپوور، هیوا بوتیمار، اجلال قەوامی، محەمەد صدیق کبودوەند و...). هەموو ئەم کەسانە رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنین و بەشێوەی شارستانی و بە دوور لە توند و تیژی داوای ئازادی و مافی مرۆڤ دەکەن. رژیمی ئیسلامی هێرشی سەربازی ئەمریکای

زۆر پێ باشترە لە بزاڤی مەدەنی و جەماوەری گەلانی ئێران. ئاخر هەموو رژیمێکی دوگم و ئایدیۆلۆژیک کە بەرهەمی شەپۆلی کوێری هەست و شەوق و هەیەجانن لە فەزای ئارام و ئەقڵ و لۆژیک دەترسێن. ئەم روداوانە پیشان ئەدەن کە حکومەت زۆر زیاتر لە پێشوو لە خەباتی مەدەنی و مانگرتنی جەماوەری ترساوە و بەدەرکردنی حوکمی نارەوا بۆ خەباتکارانی مەدەنی و، بە وەرێخستنی شەپۆلی زەبروزەنگ دەیەوێ فەزایەك لە ترس و سام بخولقێنێ و پێش بە ئاخێز و بزاڤی جەماوەری بگرێ. بەڵام دەنگدانەوەی جیهانی حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەنپوور و هیوا بوتیمار و فشار و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان، وڵاتانی جیهان، یەکێتی ئوروپا و کونگرەی ئەمریکا، حکومەتی ئێرانی لەئاست دوڕییانیك داناوە... پێویستە ئەم شتە بزانین کە رووکردنی خەڵك بۆ خەباتی مەدەنی لە مێژووی خەباتی گەلانی ئێراندا وەرچەخانێکی گرنگی مێژووی سیاسی یە و پێویستە هەموان ژیرانە داکۆکی لێبکەن.

شەڕ لەنێوان دو جەمسەر دایە: ***کولتوری فرەچەشنی (pluralists culture) و دیالۆگ و کولتوری تاکەچەشنی (monolog culture) و داخراو، فەرهەنگی خەندە و شادی و فەرهەنگی رووگرژ و تازیەباری، مۆدێلی دەوڵەتی دیموکراتیك و مۆدێلی دیکتاتۆری ئیسلامی سیاسی. حکومەتی ئێران بە درێژەی ٣ دەیە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە تێکۆشا چەمکی خەندە و دیالۆگ لە جەماوەردا بکوژێ و فەرهەنگی پرسە و تازیەباری جێگیر بکات، بەڵام گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد لە هەر بۆنە و مناسبەتێکدا دەڕژێنە سەر شەقامەکان و بە خەندە و تەنز و تەشەر فەرهەنگی دۆگمی پرسە و تازیەباری رەت دەکەنەوە. ئەم خەندەیە خۆی بە تەنیا جۆرێك جیهانبینییە کە بەشێوەی وشیارانە و سەرمەستانە دۆخی سەردەم رەتدەکاتەوە و لەسەر بناغەی شادی و ئازادی و یەکسانی نەزمێکی نوێ دەخولقێنێ. ئەم خەندەیە رزگاری بەخشە، دژ بە ستەمە، دژ بە دۆگماتیزمە، شادی خولقێن و داهێنەرە و بەرەو داهاتوو دەڕوانێ.***

بەدرێژایی مێژوو فەرهەنگ و نەریتی گەلانی ئێران فەرهەنگی خەندە، دیالۆگ، ئازادی و فرەچەشنی بووە، ئەم نەریتە دەوڵەمەند و دێرینە بەسەر فەرهەنگی دۆگم و داخراوی رووگرژ و تازیەباردا زاڵ دەبێ.

***هەموو هێما و نیشانەکان ئەم روانگەیە دەسەلمێنن، کۆمەڵگای ئێران هەر ئێستا دەکوڵێ و دەجۆشێ، کاروانی ئازادی و پێشکەوتنخوازی، کولتوری دیالۆگ و خەندە و فرەچەشنی، درەنگ یان زوو سەردەکەوێ.***